## فرمێسکەکانی ڕەزازی و ئازارەکانی ناخم! .. مەهدی خالید خەمبار

ئەستێرەیەک، دەستی قەدەر، دەستی تاوان. . لە تاقی ئاسمانێکی بێ خەوش و سامالەوە، بێ ڕوحمانە هێنایە خوار! کردێ مەلێکی باڵ کورت و هیواش. . هێواش
نەرم نەرم. . شۆڕی کردەوە بۆ سەر ڕۆخ و کەناری چاولێک نانێکی ئەبەدی.
من تاکە کەسێک نیم، کە ئازاری ئەم مال ئاواییە یەکجارەکیە، تینی خۆڕاگری چاوەکانمی بۆ ئەشک رژاندن لە دەست دابێت و دەستێکی سارد و شلی بە ئەژنۆمەوە پێ گرتبێت!
ئەمە هەر خەمی دابڕانێکی کاتی نەبوا! هەر خەزانی سۆرەگوڵێک نەبوا! هەر هەڵوەرینی گوڵە وەنەوشەیەکی ئاڵ نەبوا! هەر بارگە پێچانەوەی کۆچەرێکی گەرمەسێر و کوێستان نەبوا! ئەم خەوە، خەوی وەرزانەی چڵە نەرگزێکی مێرگە جاڕ نەبوا! هەر ماڵ ئاواییەکی چەند دەم ژمێری نێوان دولبەر و ژوان نەبوا!!
ئەمە دابڕانێکە. . . جارێکی تر مەودا نادات سرودێکی پڕ بە گەرو بۆ ژیان و بەرخۆدان بچڕێتەوە! ئەم خەزانە، خەزانێکە جارێکی تر ڕێگا نادات شکۆفە لە سەر ترۆپکی داری هیوا سەوزەکانی چاو هەڵبێنێتەوە و گەڵا سەوزەکانی ژیان بکاتەوە قردێلەی سەری! ئەم هەڵوەرینە، هەڵوەرینێکە جارێکی تر مەودا نادات، پەڕە ناسکەکانی هەناسەی لە قەفەسی سینەیدا بکاتەوە و ئەمبەر ئەوبەر بکاتەوە! ئەم کۆچە بێ فەڕە سەرەتای دەسپێکی کۆچێکی هەتا هەتایی فریشتەیەکی بەستەزمانی باڵا بەرز و روح سوکە بۆ وڵات و جیهانێکی بێ سەر و بن!
ئەمە خەوێکە، کەس زاتی ڕاچڵەکاندنی ناکات و بە گڕی و بەرزی هیچ دەنگێکیش تەمی ئەم خەوە لە سەر چاوەکانی لا نابرێت و جارێکی تریش چاوە پڕ لە هیوا و پێڵوە لێک نراوەکانی لێک ناکرێتەوە!
ئەمە دوا دیداری ژوانە لە گەڵ عاشق و دوا نامەی خۆشەویستی عاشقە بۆ مەعشوقەکەی! دوا لە شەقەی باڵدانی مەلە لە لانەکەی!
خەمی ئەم کۆستە ناڕەوایە هێندە قەبەیە و پیاهەڵگوتن بە گەورەیی ئەم زاتەدا، هێندە دێنێت، زمان لە ئاستیدا لاڵ دەبێت و پەنجەکان سڕ و قەڵەمەکان هێز لێبڕاو و ناخ سەرسام و روباری وشە چک دەبیت!
من ئەوە نیم، بەم چەند گەڕەلاوژەیەی مێشکم، بتوانم تەنها دڵۆپێک گوڵاوی میهر و وەفا و خۆشەویستیم بڕژێنمە سەر گەورەیی و دڵسۆزی ئەم زاتەدا، من ناتوانم بەم بی هێزی وشەوە، گەردانەیەک لە ستایش و پەیکەرێک لە ڕێز و کەوانەیەک لە کەمەرم بخەمە تای تەرازوی ئەو خەرمانە پڕ بەرەکەتەی هونەر و چۆک دانەدان و بەرەنگار بونەوە و هاندان و خەمخواریەی مەرزیە خانمی جوانە مەرگ.
ئەمڕۆ. . مرمێسکە زەنگوڵ زەنگوڵەکانی قەتار بەستوی سەر روخساری ڕەزازی، وای لێ کردم جارێکی تریش دوو سێ وشەی تر کە گومانم لە ئاستی شایستەیی بەو مرۆڤە پڕ هەیبەت و بەو ڕوحە خواییە بنوسم و هاوکاتیش فرمێسکی هەندەرانم تێکەڵ بە فرمێسکەکانی ڕەزازی بکەم و بەم دڵۆپە ئەشکانەشم تۆسقاڵێک خەمەکانمی پێ بشۆمەوە و بیرژێنم بە سەر گڕ و کڵپەی ئاگری خەمێکی کەمەر شکێن و وشکایی کێڵگەیەکی ئومێددا!
لە سیمای ڕەزازیدا، لێ براوەیی ئۆقرە و لاوازی ئیرادە و عەودالی بە دوای خۆشەویستێکی ڕۆحی و نائومیدیەکی بێ ئەندازە بە دی دەکرا

دیار بوو ژانیک، دۆزەخێک ناخی دەهەژان و ئازار دەدا، کە پێی وایە چیدی بە کۆتا نایات و تا مردن پێوەی دەتلێتەوە!
پیی وایە زریانیک لە کوێستانی تەمەنیدا هەڵی کردوە نە کپ بون و دامرکان دەزانێت و بەرۆک بەردانیش دەناسێت!
لێرەوە تێگەیشت، کە ئیتر بۆ هەتا هەتایە هاوسەرەکەی بە چاو نابینێتەوە و جارێکی تر چڵە نەرگز لە بەرۆکی خۆشەویستەکەی ناداتەوە و جارێکی تر لێوە وشکەکانی بە نەرمە بارانی عارەقەی جەستەی تەڕ ناکاتەوە و جارێکی تر لە نیو گوڵشەنی بیرەوەریەکانیان و لەژێر سێبەری داری حەزەکانیان سەر لە باوەشی گەرمی یەکتر ناکەنەوە و جارێکی تر لە ئێوارە بەهارێکی تەمەندا بادەی لیوان لێوی شەراب بۆ یەکتری پڕ ناکەنەوە و جارێکی تر بۆن هەناسەی خۆزگەکانیان ناکەنەوە بە عەتر و ئاوێزانی باڵای یەکتری ناکەنەوە.
ناسریک دەیان و سەدان لەم لێکدانەوە پەمبەییانە لە بۆتەی هیزر و بیریدا پەنگ بخۆنەوە و ببن بە شەش پەپولەکە و بە پانتایی مێشکیدا بێن و بچن، ناسریک وەک کاروانیەکی بە جێ ماو لە بیابانێکی خۆڵە تەپانی خوار و ژور نادیار! ئیستا هێشتا نمە بارانی بڕوا نەکردنێک بە مەرگی حەبیبەکەی، لە ئاسمانی خەیاڵیەوە دادەبارێت و چوزەرە بە ئومێدێکی شەق شڕ دەردەکات!!
ئێمەش هێشتا ئەم هەواڵە بە خەونێک دەزانین و بەربەستێکی وەمی لە بەر دەم بڕوا بون بە ڕاستی کارەساتەکە بۆمان دروست کردوە!
من بۆ خۆم زۆر جار دەڵێم زەحمەتە دڵێکی لەو بابەتە گەورە و پڕ لە بەزەیی و هێلانەی جوجەڵەکانی خۆشەویستی و ڕۆحێکی بەو چەشنە موتوربە بە هیوای گەش و ناسکی هەست و بەرزی تێڕامان و شیرینی گفتار و جوانی کردار زەحمەتە مردن دەرەقەتی بێت و تلی پێ بدات.
کاتیکیش کە هیچ دەرفەت لە بەردەم بڕاوا پێ نەکردندا نەمایەوە، ئەوسا دەڵێم فرمێسک و شین و شەپۆڕ و گریانی پڕ بە کوڵی ڕەزازی و بنەماڵە و کەسکار و دۆست و یاران و ڕۆڵەکانی گەلەکەمان هێشتا ناکەنەوە بە کاڵای پڕ بە باڵای مەرزیە خان!!!

مەرزیە خان هێشتا زو بوو!
کەنگێ وادەی
ئەم کۆچە ناوەختەی تو بوو؟
چ غەدرێ بو هەر کەس کردی
چ گەنجینەیەک بوو بردی
چەپکی گوڵت
لە ئینجانەیەک دانابو
لەو گوڵانە
هێشتا نە بەش
بێ باوکەکانی گەرمیان و
نە چاو پوکاوەکانی هەڵەبجە و
نە کەم ئەندامەکانی کوچە و
نە قیزەکانی مەریوانت
لێ نەدابو
چ غەدرێ بو هەرکەس کردی
چ گەنجینەیەک بو بردی

چ دەستێ بو
ئەو دڵە هەنارەتی گوشی
چ چڕنوکێکی نەگریس و
چ پەستێ بو
هەناسەی لە سینەت وەستان
بە لەعنەت بێ
لە ناکاوا
گوڵی ژیانتی هەڵوەران

mehdi. xembar@hotmail. com